# بۆ یادت ئەنوەر مەسیفی

ئەمڕۆ لە کوردستانەوە هەواڵی کۆچی ئەبەدی شاعیر ئەنوەر مەسیفی بڵاوکرایەوە...تەرمە پیرۆزەکەی لە گۆڕستانی پیرمام بەخاک سپێردرا.

بەر لەچەند رۆژێک پرسەی خۆم ئاڕاستەی ئەنوەر کرد،بە هۆی کۆچی دوایی هاوسەرەکەی و دوومنداڵەکەی ... دوو پارچە شیعربە ناوی (بەرد و خەون)م پێشکەشی ئەنوەری زامدار و راکشاوی نەخۆشخانە کرد......

ئەوا لێرە شیعرێکی کاکەئەنوەرمەسیفی کە لە ژمارە 15 گۆڤاری نووسەری نوێ ئەیلولی 2000 لە لاپەڕە 18 و 19 دووبارە بڵاودەکەمەوە بۆ ئەو کەسانەی لە دوورە وە ناوی ئەو زادەیان بیستبێ ، با بزانن شیعری ئەنوەر لە ئەدبی کوردیدا چ رێچکەیەکی تازەی گرتووە...ئەنوەر جگە لەوەی شاعیرەکی نوێخواز بوو رۆژنامە نووسێکی بەهرەدار بوو...ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری نووسەری نوێ کە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر دەری دەکات و ماوەیەکیش سکرتێری نووسین بوو...تا کۆچی دوایی سەرنووسەری گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی) بوو.

**هەندێک لە بەرهەمەکانی ئەنوەر مەسیفی :**

جل و بەرگ و جمکەکان ...کۆتایی ساڵی 1984 هەتا ساڵی 1988 نامیلکەی شیعر56لاپەڕە ساڵی 1990 چاپکراوە.

پەرداخێک ژن و پیاوی قەمبوور...شیعر رامان ژمارە 42 کانونی یەکەم 1999ل172

بابانە مسەکانی باخ...شیعر رامان ژمارە 30 کانونی یەکەم 1998ل133

خوێیەکان...شیعر رامان ژمارە 26 ئابی 1998ل143

ژووانی رووناکی و فۆرمی ئایدیۆلۆژیا...لێدوان رامان ژمارە 21 ئاداری 1998ل191

بووورن...چیرۆک وشیعر هاودەنگ هەولێر 1983 ل13

**قــــوڵـــغــــــــەکـــــــان**

قوڵغێکی پڕ

ئاسن شکا

واتە قوڵغێکی

پڕ شمشێر شکا

**قوڵغێکی پڕ**

**پایز شکا**

**واته قوڵغێکی**

**پڕ ڕەنگ شکا**

**قوڵغێکی پڕ**

**ئایین شکا**

**واته قوڵغێکی**

**پڕ کاهین شکا**

**قوڵغێکی پڕ**

**مار شکا**

**واته قوڵغێکی**

**پڕ کاژ شکا**

**قوڵغێکی پڕ**

**گا شکا**

**واته قوڵغێکی**

**پڕ کا شکا**

**قوڵغێکی پڕ**

**گیا شکا**

**واته قوڵغێکی**

**پڕ شیر شکا**

**قوڵغێکی پڕ**

**کۆتر شکا**

**واته قوڵغێکی**

**پڕ باڵ شکا**

**قوڵغێکی پڕ**

**ژن شکا**

**واتە قوڵغێکی**

**پڕ سێو شکا**

**قوڵغێکی پڕ**

**خوێ شکا**

**واتە قوڵغێکی**

**پڕ ئاو شکا**

**28ی ئایاری 2000**

**دەربارەی ئەو شیعرە دوکتۆر مارف خەزنەدار لە لاپەڕەی 5ی هەمان گۆڤار نووسیویە:**

**{{ئەنوەر مەسیفی لە قوڵغەکان دا قسە دەکا، ئەو قسانە بەهەر زمانێک بووترێن دەچنە ناو گێتی ی داهێنانەوە ، تەنیا زمان نا بەڵکو بەهەر شێوازێک بووترێن ، کێش و قافیەیان هەبێ یا نەبێ ، ریتم و مۆسیقایان هەبێ یا نەبێ دەبن بە قسەی جوان ، وێنەیێکن بە خەیاڵ دا تێدەپەڕن ، لە پێش مێژووش شیعر هەروا بووە، بەڵام هی ئەو کاتە بۆمان نەماوەتەوە.}}**

## پرسە و سەرەخۆشیم بۆ نووسەرانی شارەکەم

**فـــەهـــد گـــــردەوانـــی 2005/10/2ستۆکهۆڵم**